





# خشلی تاک ڕەنگ بۆ وەرزی گەرما هەڵبژێرە

خشڵی تاکڕەنگ و ڕەنگە زەقەکان، جوانترین مۆدی ئێکسسوارەکان پێك دەهێنن، بەهۆی زەقی و کراوەیی ڕەنگەکانیان سەرنجی دەوروبەر ڕادەکێشن و لەگەڵ زۆربەی کەرەستەکانی دیکەشدا دەگونجێن، لە مۆدی خشڵەکانی وەرزی گەرمادا هاتووە: پێویستە ڕەنگی خشڵ دیار و تاك ڕەنگ بێت، چونکە ئەوانەی ڕەنگاورەنگن، بەهۆی بوونی ئەو کۆمە ڕەنگەی لە نێو خشڵەکەدا هەن، جوانیی جلوبەرگەکان تێك دەدەن. ئەو ڕەنگانەی بۆ خشڵی هاوینە هەڵبژێردراون، بریتیین لە:

ڕەنگی پەمەیی و باستیل کە هەردووانیان لە جوانیدا سەرنجڕاکێش و نایابن، هەر یەکە لە مارەکەکانی مارنی و ریبیکا دۆرافینێل تەواوی خشڵەکانیان لە ڕەنگی پەمەیی ئامادە کردووە، ئەگەرچی ناکرێت هەموو خشڵەکانت لە ڕەنگێك بێت، بەڵام دەکرێت دوو، یان سێ پارچەی خشڵەکەت لە ڕەنگی پەمەیی بێت، بۆ نموونە: دەکرێت ڕەنگی گوارە و ڕەنگی جانتا، یان بازن و پێڵاوەکەت لە ڕەنگی پەمەیی بێت، بەم چەشنە مۆدێکی نایاب بەدەست دەهێنیت.

## ڕێنماییەکان بۆ مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ منداڵ

ئافرەتانی ماڵ، جگە لەوەی وەك شاجوانێك لە ماڵدان، هاوکات پێویستە وەك خاتوونێکی دەسترەنگین و دایکێکی میهرەبانیش بن، لێرەوە تۆی دایکیش دەتوانی ئاشنای ڕێگاکانی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکانت بیت، چونکە کاتێك خۆشەویستی و هەست بە منداڵەکەت بدەیت، کەسایەتی و لێهاتوویی خۆت ڕازاوەتر و جوانتر دەبێت. پێگەی (تایمز ئۆف ئیندیا) چەند ڕێنماییەکی بۆ ئافرەتان خستۆتەڕوو، تا بتوانن بەپێی ڕێنماییەکان مامەڵەی دروست لەگەڵ منداڵەکانیان بکەن. سەرەتا پێوستە بۆ منداڵەکەت وەك ڕێنیشاندەرێك بیت، ئەوەش لە ڕێگەی چاودێریکردنیەوە، هەروەها ئاگادارکردنەوەی لە هەڵە و کاری نەشیاو، هەوڵبدە منداڵەکەت لە ژیانتدا بەشدار بێت، وەك: پێی بڵێ کە کەرەستەی کەوتوو بخاتە نێو سەبەتەی زبڵ، یان شتێك کەوتبێت هەڵیبگرێتەوە، کاتێك منداڵەکەت دەگری، یان تووڕەیە، زیاتر پەستی مەکە، بەڵکو بە هێمنی لەگەڵی بدوێ، تا فێرە دەمارگیری نەبێت، جیاکاری لە نێوان منداڵی کوڕ و کچ مەکە، هەروەها لە یاری و گاڵتە و قسەی خۆش بێبەشیان مەکە، هەوڵبدە منداڵەکان فێرە قسەی نەشیاو و جوێندان نەبن، کە ئەوەش لە ڕێگەی فێربوون و لاساییکردنەوە وەریدەگرێت، بۆ کاری چاك پاداشتی بکە و لە کاتی کاری هەڵەش ڕێنمایی باشی پێ بدە و ئامۆژگاریی بکە، خۆیشت هەست بە بەرپرسیارێتی بکە و لەگەڵ منداڵەکەت ئارام بە.





# ئاشنای نمرەکانی ڕەنگی قژ بە

ڕەنگی قژ لە دوای قژبڕین و ئارایشتکردن، وەك هەڵبژاردنی ماسییەك وایە لە نێو دەریا، چونکە ئەو کاتە زۆربەی ئافرەتان سەرلێشێواو دەبن و نازانن ئاخۆ چ ڕەنگێك لەگەڵ ڕوخسار و شێوەیاندا دەگونجێت. هەندێ ڕەنگ هەن لەوکاتە بە بیری خانماندا نایەن، کە ئەوانیش وەك ڕەنگە باوەکانی قژ مۆدێکی شایستە دەبەخشن، ئەو ڕەنگانەی هەڵبژێردراون لە ستایل و مۆدی ئەستێرەکانی نمایشکارانی جلوبەرگ وەرگیراون، ئەو ڕەنگانە بە ڕەنگی (لیلك) ناسراون، شێوازەکانیشیان بریتین لە: پوپ لیلك، کە ڕەنگە هێمنەکان لەخۆدەگرێت، شێوازی ئارایشتیشی تا سەر مل درێژە چ خاو بێت، یان لوول، شێوازی شەپۆلی لیلك، لە ڕەنگی کرێمی و قاوەیی پێکدێت، گرنگە ئەو دوو ڕەنگە کەوی بکرێت و سپرای جێگیرکردنیشی لێ بدرێت، شێوازی جدیل لیلك، کە پارچە مرواری و مووروو لە بەشێکی قژ دەدرێت. شێوازی لۆپ لیلك-یش بۆ قژی درێژی تا سەر شانەکان بەکاردێت، لە ڕەنگەکانی مۆر و پلاتینی و جار جارەش بەشێکی کۆتایی قژ بە تاڵی سپی یان زەرد بۆیە دەکرێت. شێوازی پیکسی لیلك، بریتییە لە ڕەنگی بریقەدار گرنگی بە تەنیشتەکانی قژ دەدرێت، دەکرێت لە ڕەنگی ڕەساسی کاڵ و قاوەیی تۆخ تێکەڵ بکرێت. شێوازی کێرلی، بۆ وەرزی هاوین و زستان گونجاوە، ڕەنگی ڕەش و قاوەیی بۆ دانراوە. شێوازی لیلکی حەریر، ڕەنگی شینە تەنیا بۆ بۆنەکان گونجاوە. شێوازی لیلکی ئۆمبری، ڕەشی قەترانی بۆ قژی خاو و درێژ.



## یاری وێنە

لـەم وێنەیـەدا چەنـد هەڵەیـەك هەیـە، هەوڵبـدە دەستنیشـانیان بکەیـت و بزانیـت هەڵـەکان چیـن. هەوڵبدە لە ماوەی کەمتر لە (٣٠) چرکـەدا سـێ هەڵـە بدۆزیتـەوە.




لـە پیاوێـك دەپرسـن: تەمەنـت چەنـدە؟ ئەویـش دەڵـێ: ٤٠ سـاڵ. دوای (٥) سـاڵی دیکـە لێـی دەپرسـنەوە و دەڵێـن: تەمەنـت چەنـدە؟ ئەویش دەڵـێ: ٤٠ سـاڵ. پێـی دەڵێـن: چۆن دەبێ تەمەنـت وەك خۆی بێت؟ ئەویش دەڵێ: پیـاو عەیبـە لـە قسـەی خـۆی پەشـیمان ببێتـەوە!

# بۆ زانـــــــــــیاریت

## بەهێزترین موشەکی جیهان

موشـەکی ئاڤانـگارد-ی رووسـی، ئـەم موشـەکە سـاڵی ٢٠١٨ ڤلادیمۆر پۆتیـن لەگـەڵ پێنـج سیستەم و موشـەکی دیکـە بـۆ جیهـان ئاشـکرای کـردن، کـە لانـی کـەم بـۆ مـاوەی ١٥-٢٠ سـاڵی دیکـە هیـچ وڵاتێـك ناتوانێـت پـەی پـێ ببـات، موشـەکی ئاڤانـگارد موشـەکێکی هایپەرسـۆنیکی کیشـوەربڕە، کـە خێراییەکـەی ٢٧ جار لـە خێرای دەنگ زیاترە و دەتوانێت لـە کاتژمێرێکدا ٣٢٠٠٠ کـم ببڕێـت، ئـەم موشـەکە لەلایـەن مانگـی دەسـتکردەوە ئاراسـتە دەکرێـت، لەکاتـی هەڵدانـی تـا گەیشـتنی بـە ئامامانجەکـەی زیاتـر لـە ١٠ هـەزار تـا ١٠٠ هـەزار جار شـوێنی خـۆی بـە شـێوەی لولپێچـی دەگۆڕێـت و هیـچ سیسـتەمێکی بەرگـری ناتوانێـت بیخاتـە خـوارەوە، ئـەم موشـەکە لـە نـەوەی پێنجەمـە، کـە هیـچ سیسـتەمێکی بەرگـری بـە S-٤٠٠ ی رووسییشـەوە ناتوانێـت بیخاتـە خوارەوە، موشـەکی میونتمانی ئەمریکی لـە نـەوەی ٣.٥ە کە بـە ٢٠ سـاڵی تریـش ئەسـتەمە ئەمریـکا لـە موشـەکی کیشـوەربڕدا بگاتـە ئاسـتی نـەوەی پێنجـەم، ئـەم موشـەکە هەڵگـری کڵاوەی ئەتۆمییـە کـە کـەس نازانێت چەنـد کڵاوە هەڵدەگرێـت، بـەڵام رووسـیا رایگەیانـد هێـزی موشـەکەکە دوو ملیـۆن تـۆن TNTیـە، کـە بەسـە بـۆ کاولکردنـی وڵاتێکـی وەك عێـراق. هیـچ رادارێـك ناتوانێـت ئاشـکرای بـکات، هەروەهـا هیـچ گەرمییـەك دەرنـاکات و بەسـاردی دەمێنێتـەوە، بـۆ خـۆ ونکـردن لـە هەمـوو رادارەکان دەتوانێـت هەمـوو چرکەیـەك ٥٠ هـەزار فریکوێنـس دەربـکات.



## پوختەی فیلم

### فریشتەکانی چاڕلی - Charlie›s Angels

فریشـتەکانی چاڕلـی یەکێکـە لـە زنجیـرە فیلمەکانـی کـۆن کـە ساڵانی هەفتا و هەشتاکان نمایش دەکرا، فیلمێکی ئەکشـن و سەرکێشـە، باس لـە شـکاندنی سیسـتەمی ئەندازەیـی جیهـان دەکات، کـە کۆمەڵێـك دەیانەوێـت بـە دەسـتی بهێنـن و بـۆ مەرامـی خۆیـان بـەکاری بهێنـن، کچانـی چاڕلـی هەڵدەسـتن بـە بەرەنگاربوونـەوەی ئـەو شـکاندنە و ژیانـی خۆیـان دەخەنـە مەترسی بـۆ رزگارکردنـی جیهـان، مـاوەی فیلمەکـە دوو کاتژمێـر و (١٣) خولەکـە، لـە دەرهێنانـی (ئەلیزابیـت بانکس)ە، لـە وڵاتـی بەلجیـکا وێنـەی گیـراوە، لـە نواندنـی (نایۆمـی سـکۆت و کریسـتین سـتیوارت و ئێـلا بالیسـنکا و نـوا سـێنتیینۆ)یە.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لە نێوان کەسانی دەوروبەرت بێلایەنی هەڵبژێرە، چونکە لای هەر کەسێك بگریت، ئەوانی دیکە لێت دەتۆرێن، بۆیە دەبێ یەکسانی بپارێزیت، کەسێك هەیە کە زۆر لێت نزیکە، پشتی بگرە و لێی دوور مەکەوە، تا دەتوانیت سادە بە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هەنگاوەکانت بە جێی خۆیان گەیشتوون، ماوەیەکە لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت بە جوانی رەفتار دەکەیت، ماوەی داهاتووت بێزاریی پێوە دیار دەبێت، بۆیە ئارام بگرە و کارێك مەکە کە ببێتە مایەی بێزاری و کێشە بۆت. کەسێکی هەستیاریت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

بـە پەلـە بڕیـار مـەدە، شـێوازی ژیانـت گۆڕانکاریـی بەسـەردا هاتـووە، پێویسـتە هێمن و لەسـەر خۆ بیت، کەسانێك دەیانەوێت کێشـەت بـۆ دروست بکـەن، نابێـت دەسوەسـتان بمێنیـت، بۆیـە بەرگـری لـە خـۆت بکـە، چونکـە کەسـێکی چاکـەی هەمووانـت دەوێ.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

کەسایەتیت بەهێزە، بۆیە خۆت بە شتی سادە و کێشەی بچووکەوە خەریك مەکە، متمانەت بە خۆت هەبێت، لەگەڵ کەسانی دەورووبەر باشتر لە ئێستا رەفتار بکە، تا دەتوانی بیر لە هەوڵەکانت بکەوە وئەرکی خۆت بە کەسانی دیکە مەسپێرە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

رێگەی ژیانت بە جوانی گرتووە، لەگەڵ ئاشنابوونت بە کەسانی دەوروبەر بۆ کارەکانت دەگەیتە ئەنجامێکی باش و دڵخۆشکەر، کەسێك کێشەی بۆ دروست کردووی داوای لێخۆشبوونیش دەکات، بە وردی لێی بکۆڵەرەوە، تا بزانیت چ مەرامێکی هەیە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

کێشەت بۆت دروست دەکەن و تۆش بێدەنگیت، پێویستە کێشەکانت چارەسەر بکەیت و کەسانی دەوروبەریشت لە راستییەکان دڵنیا بکەیتەوە، ماوەیەکە بێزاریت پێوە دیارە، ئەوەش کاتییە، هەوڵبدە کارەکانت سەرکەوتووانە ئەنجام بدەیت، تا ژیانت خۆشتر بێت.

# هۆتێلێکی سەرنجڕاکێش لە لێواری چیا



پشوودان و بەسەربردنی کاتێکی خۆش لە شوێنی گونجاو جیاوازە لەوەی لە نێو جەنجاڵی و شوێنی قەرەباڵغ بگوزەرێت، دروستکردنی هۆتێل و شوێنەکانی کاتبەسەربردن لە هەندێ ناوچەی جیهاندا، بوونەتە جێگەی سەرنج، وەك ئەو هۆتێلەی دەکەوێتە سەر لێواری چیایەکی بەرز لە وڵاتی نەرویج، هوتێڵەکە ناوی (هیاری ئەتاك)ـە و دەکەوێتە سەر کێوێك بە ناوی (پرینکیستۆلین) کە لەلایەن ئەندازیارێکی تورکەوە دروست کراوە، هوتێلەکە لە بەرزایی (١٩٨٢) پێ بونیات نراوە، دەکەوێتە باشووری وڵاتی نەرویج، کە جگە لەوەی هۆتێلە، هەروەها شوێنی مەلەکردن و یاریگاش لەخۆ دەگرێت، بەم چەشنە دەبێتە سەیرترین هۆتێل لە جیهاندا کە لە بەرزایی و لێواری چیا بنیاد نرابێت.

## درێژترین پردی شووشە




کاتێك بەسەر پردەکاندا تێپەڕ دەبیت، ئەگەر لە پۆڵایش دروست کرابن، سام و ترسی خۆیان هەیە، ئەگەرچی مرۆڤ لە ترسی داڕمان و کەوتن حەز بە پەڕینەوەی سەر پردەکان ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتی چین لەبری ئەوەی پردەکان زیاتر پتەو بکات، کەچی لە شووشە دروستیان دەکات، لەم رووەوە وڵاتی چین بووە پێشەنگ لە دروستکردنی درێژترین پردی شووشە، کە درێژییەکەی دەگاتە (٥٤٨) مەتر، ئەو پردە دەکەوێتە ناوچەی (هنگۆشۆ) لە باشووری ئەو وڵاتە، بەهۆی ئەوەی ئەو ناوچەیە بە دیمەنی سرووشتی و گەشتیاری بەناوبانگە، هەر بۆیە پردێکیان لە شووشە دروست کردووە تا گەشتیاران جگە لە بینینی سەرەوە و ڕاست و چەپ، هەروەها ژێرەوەی خۆیان بە روونی و جوانی ببینن.



## کاریکاتێر

کاریکاتێرێکە باس لە خەریکبوونی خەڵك بە ئامێرەکانی مۆبایل و ئینتەرنێت دەکات، کە چۆن بێئاگان لەوەی ئەگەر قژیشیان بتاشرێت، ئاگایان لەخۆیان نییە.



## پەند و وتە

تۆماس کارلایل، فەیلەسووفی سکۆتلەندی، نووسەر و وەرگێڕ و مێژوونووس و ماتماتیکزان و مامۆستاش بووە، لە ساڵی (١٧٩٥) لە شاری ئیککلیپفچان لە سکوتلەندا لەدایکبووە، لە ساڵی (١٨٨١) لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی خۆشەویستی دەڵێ: خۆشەویستیی ڕاستەقینە، تا چەند کاتی بەسەردا بڕوات و کۆنتر بێت، هێندە زیاتر لە نێو هەست و دەروونماندا قووڵتر دەبێت.

**گۆزە** ١/٢٠ - ٢/١٨

ماوەیەکە کەسێکت ناسیوە کە هەمان ئاست و بیرکردنەوەی خۆتی هەیە، لە پێناو بەدەستهێنانیدا هەوڵبدە، تا دەگەیتە ئەنجامێکی باش، متمانەی پێ بکە و ئەزیەتی مەدە. لە کارەکانت بێزاریت پێوە دیارە، بەڵام کاتیین و تەواو دەبن، بۆیە ئارام بگرە و بەردەوام بە.

**نەهەنگ** ٢/١٩ - ٣/٢٠

خۆت لە کەسانی ئاستنزم بە دوور بگرە و لە پێناو بەرژەوەندی و ژیانی خۆتدا هەنگاو بنێ، لەگەڵ هەندێ کەس ناکۆکیت هەیە، بۆیە نابێت خەم و دڵتەنگیت پێوە دیار بێت، بەرگری لە کەسایەتی و پێگەی خۆت بکە، تا بە ئەنجامی باش دەگەیت.

**شایان** ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

گۆشەگیری و خۆئازاردان بە هیچ ئەنجامێکت ناگەیەنێت، بۆیە دەبێ واز لە خەمخواردن بهێنیت و بیر لەداهاتوو بکەیتەوە، پێویستە ئاگاداری هەنگاوەکانت بیت، چونکە چاودێریت لەسەرە، ماوەیەکە کێشەکانات بێزاریان کردوویت، پێویستت بە پشووە.

**دووپشک** ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەو کاتانەی پێویستت بە کەسێکە، کەچی خۆی دوور دەگرێت، بەڵام کاتێك ئەو پێویستی بە تۆیە ئامادەی هاوکاریی ئەو بکەیت، تۆش بڕیار بدە بۆ داهاتووت بژیت، تا خۆت یەکلا بکەیتەوە و لە دڵە ڕاوکێ دوور بیت، بەم زووانە کێشەکانت چارەسەر دەبن.

**کەوان** ١١/٢٢ - ١٢/٢١

کەسێکی سەرکەوتووی لە ژیاندا و بوویتە هۆکاری دڵخۆشی بۆ زۆربەی کەسانی دەوروبەریشت، لە ئێستادا کێشەت لەگەڵ کەسێك هەیە، بۆیە پێویستە چارەسەری بکەیت، لە داهاتوودا ئەنجامی چاکەکارییەکانت وەردەگریتەوە، تا دەتوانیت هێمن بە.

**گیسک** ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەمیشە کاری وا بکە کە ئەنجامی هەبێت، بیر لە رابردوو مەکەوە، چونکە بە هیچ ئەنجامێکت ناگەیەنێت، بە هۆی بوونی کەسێك لە ژیانت خەریکە بەرەو خۆشبەختی دەچیت، دەتوانی بۆ کەسانی دەوروبەرت بیسەلمێنیت کە کەسێکی چەندە گرنگی بۆیان.